# ڕەخنەی دەروونی لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا
## بە نموونەی ماستەرنامەکانی ئەدەب (1988 ـ 2000)

(PP 270 - 277)

http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.1.17

**پ. ی. د. فؤاد رشيد محمد**

زانکۆی سەلاحەدین-کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی کوردی

**م. ی. کارزان کەریم امین**

زانکۆی سەلاحەدین-کۆلیژی زمان–بەشی کوردی

fuadrashid64@gmail.com

**وەگـــــرتن : 2017/07/07**

**پەسندکردن : 2018/01/30**

**بڵاوکردنەوە : 2018/03/26**

**پوختە**

هەمووبزاڤێکی رەخنەیی ، پێویستی بە پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنە، بەمەبەستی بەدیارخستنی چۆنێتی و چەندایەتی ئاستی بزاڤەکە، لەم روانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی رەوتی رەخنەی دەروونیی لە رەخنەی شیعری کوردیدا لە ماوەی نیوان 1988-2000 لەرووی ئامادە بوون و نەبوونی میتۆدی رەخنەیی و زاراوە رەخنەییەکانەوە. لێرەوە بایەخی توێژینەوەکە بەدیار دەکەویت. تویژینەوەکە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە ، تەوەری یەکەم بەشیوەیەکی تیۆریی باسی رەخنەی دەروونیی کراوە لەتەوەری دووەمیشدا هەلسەنگاندن بۆ ماستەرنامەکان کراوە.

## پێشەکی

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەگشتی و ڕەخنەی شیعری کوردی لە ئاستە ئەکادیمییەکەیدا بەتایبەتی، پێویستی بەپێداچوونەوە و دووبارە خوێندنەوەیە، ئەمەش بەو نیازەی پەنجە بخرێتەسەر خاڵە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤییەکانی، لەم گۆشە نیگایەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەییانە بە ماستەرنامەکانی ئەدەب 1988 ـ 2000 لە بواری رةخنةی شیعری کوردیدا.

بایەخی ئەم کارەش لە هەڵسەنگاندن و ناساندنی گوتاری ڕەخنەی شیعری کوردی خۆی دەبینێتەوە. خودی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەش دەچێتە نێو بازنەی ڕەخنەی ڕەخنەوە.

توێژینەوەکە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت: تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ چەمك و بنەماکانی ڕەخنەی دەروونی ، لە تەوەری دووەمیشدا، بۆ نموونةی ثراکتیکی تویذینةوةکةمان ، پێداچوونەوەی ڕەخنەییمان بۆ سێ نامەی ماستەری سەر بە رەخنەی سشیعری کوردی کردووە کە کەوتوونەتە نێو سنووری توێژینەوەکەمانەوە.و بریتین لةم نامانة:

1- سروشت لةشیعری طؤراندا،فازلَ مةجید.

2- هؤنراوةی مندالان لة ئةدةبی کوردیدا،فاروق محمد رةزا.

3- شروشت لة شیعری نویی کوردیدا،کویَستان جةمال.

تەوەری یەکەم: ڕەخنەی دەروونی

( چەمك و بنەماو مێژوو)

- **چەمکی ڕەخنەی دەروونی:**

ڕەهەندێکی دەروونی مرۆڤ حەشارگەی مەبەستە ئایرۆنی و کۆگای ویستە تابۆکانە، مۆڵگەی نهێنی و ڕازو لایەنە شاراوەکانی کەسایەتیی مرۆڤە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلانەدا پێویستمان بە توێژینەوەی زانستییانە هەیە. لەناو زانستەکاندا سایکۆلۆژیا بە زانستی توێژینەوە لە ڕەهەندی دەروونی مرۆڤ دادەنرێت، کە ئەمەش زانستێکە توێژینەوە لە رەفتار و هەڵسوکەوت و پرۆسەی عەقلی مرۆڤ دەکات، یان زانستێکە لەو ڕەفتار و ئەزموون و شارەزاییانەی بوونەوەرێکی زیندوو دەکۆڵێتەوە، کە لەمیانەی تێکەڵبوونی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا فێر دەبێت.(الملیجی،2000،ص36).

میتۆدی ڕەخنەی دەروونییش وەك لایەنێك لەو پەیوەندییانەی کە ئەدەب و سایکۆلۆژیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە پشت بەستن بە بنەماکانی سایکۆلۆژیا هەوڵی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕەخنەیی دەدات، بە ئامانجی تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی. بەر لەوەی ئەم میتۆدە پێناسە بکەین گونجاوە کە جیاوازی لەنێوان هەردوو چەمکی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی و میتۆدی دەروونشیکاری بکەین.

ئەوەی پەیوەندی بە چەمکی یەکەمەوە هەیە، ئەوا چەمکێکی گشتگیرە، دەشێت بۆ هەر کاریکی ڕەخنەیی بەکاربهێنرێت کە بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە لایەنی دەروونی دەقی ئەدەبی دابێت،بی ئەوەی پابەند بووبیت بە قوتابخانەیەکی دەروونی دیاریکراوەوە، بەڵام چەمکی میتۆدی ڕەخنەیی دەروونشیکاری تەنها لەسەر بنەمای قوتابخانەی دەروونشیکاری سیگمۆند فرۆید (1856 ـ 1939) دروست بووە، دواتر لەلایەن دەروونناس و ڕەخنەگرانی دیکەوە زیاتر پەرەپێدراوە.(الگاهر،1988،ص423)

لە ناو سەرچاوە ئەدەبی و ژێدەرە ڕەخنەییەکاندا زۆرجار کە باس لە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی کراوە، توێژەران گەڕاونەتەوە بۆ باسکردنی میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاری، هەر بۆیە لە گەڕان بەدوای پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونیدا پتر هەست دەکرێت بەوەی کە زیاتر بە ماناو مەبەستی ڕەخنەی دەروونشیکاری هەوڵی پێناسەکردنی ئەم میتۆدە دراوە، لەوانە:

ـ میتۆدی ڕەخنەی دەروونی: لێکدانەوەی پەیوەندی مرۆڤە بە پاڵنەرە خودییەکانەوە، یان لێکدانەوەی ئەو چەپاندنانەیە کە کۆمەڵگا بەسەر مرۆڤدا دەیانسەپێنێت، ئەمەش بە پشت بەستن بەو بۆچوونەی (فرۆید) کە پێیوایە دەقنووسان مرۆڤی نەخۆشن(سکوت، 1981،ص75)

ـ میتۆدی ڕەخنەی دەروونی: ئەو ڕەخنەیەیە کە دەقی ئەدەبی بە گوزارشتکردنێکی ڕاستەوخۆی کەسایەتی دەقنووس دادەنێت، بۆیە دەقی ئەدەبی دەکاتە ئامرازێك بۆ دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی کەسایەتی، لەبەر ئەوە ئەم ڕەخنەیە گرنگیدەدات بە دەستخستنی زانیاریی ورد دەربارەی ژیانی دەقنووس.(رشدي،1971، ص،82)

ـ میتۆدی ڕەخنەی دەروونی: ڕەخنەیەکە بە پشت بەستن بە دەروونشیکاری هەوڵی دەرخستنی نهێنییەکانی بێ ئاگایی دەقنووس دەدات، پاشان لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی دەکات.(التكرلي،1979،ص69)

لە سۆنگەی ئەم ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنانەی کە بۆ میتۆدی ڕەخنەی دەروونی دەربڕاون بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەم میتۆدە لەسەر چەند بنەمایەکی دەروونی و چەمکەکانی دەروونناسی هەوڵدەدات پرۆسەی ڕەخنەیی ئەنجام بدات، ئامانجیشی لەم کارەدا دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەی کەسایەتیی دەقنووسە کە لەدوو توێی دەقی ئەدەبیدا حەشاردراون.

- **بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی:**

گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە ئەم میتۆدە لە ستراتیژیەتی گوتاری ڕەخنەیی خۆیدا کاریان پێدەکات، ئەمانەن:

1ـ لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونییەوە ڕەهەندی دەروونی ڕەگەزێکی بنەڕەتی دەقی ئەدەبییە، یان بە واتایەکی دیکە دەق لە ناوەخندا ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی هەیە، وەڵامدانەوەی کارێکەرە دەروونییەکانە، بۆیە توێژینەوە لەم دیدگایەوە دەتوانی.

2ـ ئەم میتۆدە لەسەر بنەمای پەیوەندی دەقی ئەدەبی بە دەرەوەی خۆیدا هەوڵی ئەنجامدانی کاری ڕەخنەیی دەدات، بەمەش لەناو گوتاری ڕەخنەیی ئەدەبیدا دەکەوێتە خانەی ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەی کە توێژینەوە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبیدا دەکەن.(ویلك،1987، ص83)

3ـ ستراتیژییەتی ئەم میتۆدە شیکردنەوەی ناوەرۆکی شاراوەی دەقی ئەدەبییە، واتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی لێکدانەوەی دروست بۆ ئەو مانا شاراوانەی کە لەپشت دەقی ئەدەبییەوە خۆیان حەشارداوە، کەمتر گرنگی بە بەهای ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی دەدات.(ریشار،1979،ص122)

4ـ ئەم میتۆدە ڕەخنەییە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا هەوڵی بە تەوەرکردنی کەسایەتی دەقنووس دەدات، لە ڕوانگەی ئەو شیکردنەوانەی کە بۆ کەسایەتی دەقنووس دەیکات ئاماژە بەوە دەکات کە داهێنەری دەقی ئەدەبی مرۆڤێکی نەخۆشە، یاخود دەمارگیرە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی داهێناندا، داهێنانەکەشی زادەی ئەم تێکچوونە دەروونییەیە، بۆیە لە بنەڕەتدا ژێدەری ئەم میتۆدە ڕەخنەییە ئامانجی شیکردنەوەی دەروونی نەخۆشی دەمارگیربووە، پتر لەوەی کە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بێت، بەڵام کارەکەی بۆتە ئامرازێك بۆ تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی.(سکوت،1981،ص78)

5ـ لە ڕوانگەی ئەو شیکردنەوانەی کە ئەم میتۆدە بۆ پرۆسەی داهێنانی کردووە، دەکرێت بگوترێت کە سەرچاوەی داهێنانی دەقی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بێ ئاگایی لە کەسایەتی مرۆڤ. ئەم ئاستەش بەهۆی هەندێك پاڵنەرەوە کە کۆمەڵێك ئارەزووی چەپێندراوی تێدا کەڵەکەبووە، فشاری دەروونیی دروست دەکەن، داهێنەری دەقی ئەدەبی بۆ خۆ دەربازکردن لەم حاڵەتە دەروونییە ناجێگیرە پەنا بۆ داهێنانی دەقی ئەدەبی دەبات، هەروەکو چۆن مرۆڤی ئاسایی لەڕێگەی خەونەوە هاوسەنگی بۆ دەروونی خۆی مسۆگەر دەکات. ئەم ئارەزووە چەپێندراوانەش لەناو دەقی ئەدەبیی چەشنی خەون لەسەر شێوەی ڕەمزو وێنە دەردەکەون، کە پەیوەندیی نامۆ و نەویستراو تێیاندا بەدیدەکرێت.(اسماعیل،1978،ص100)

6ـ ڕوانینی سەرەکی ئەم میتۆدە بۆ دەقی ئەدەبی ئەوەیە کە سەرچاوەکەی لە گرێی دەروونییەوە سەرهەڵدەدات، ئەم گرێیەش لەو قەیرانە دەروونییانەوە پەیدا دەبێت، کە لەناخی مرۆڤدا سەرهەڵدەدەن، ئەمەش لە ئەنجامی پێکدادانی لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەی خۆیدا دێتە کایەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی ئەو غەریزە خۆڕسکە بۆماوەییەوە دروست دەبێت کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە.(غریب،ص26-27)

- **زەمینەی سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی:**

ئەگەر بمانەوێت لە ڕەگوڕیشە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی دەروونی بکۆڵینەوە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی لای یۆنانییەکان، هەروەکو (ئەفلاتوون) لە گفتوگۆی (ئەیۆن)دا بەشێوەك لە شێوەکان باسی کاریگەری لایەنی دەروونی دەقی ئەدەبی بەسەر جەماوەردا کردووە.(دیتسش،1967،ص)

ئەفلاتوون لە کۆمارەکەی خۆیدا هەندێك ئاماژەی بەم لایەنە داوە، هەروەکو لەبارەی هونەرمەند و نووسەرانەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی مەبەستی ناوبانگ دەرکردنە، زیاتر حەزی لە دەمارگرژی و ڕکدارییە(ئەفلاتوون،2006،ل492) ئەمەش ناواخنێکی دەروونی لەخۆیدا هەڵگرتووە. (ئەرستۆ) لە باسکردنی تراژیدیادا دەڵێت: ڕووداوی وای تێدایە کە (بەزەیی) و (ترس) دەوروژێنێ و بەوەش (پاکبوونەوە) لەم دوو سۆزە دێتەدی.(ئەرستۆ،2002،ل127) خودی ئەم بۆچوونە لە مەسەلەی پاکشبوونەوە (Katharsisi) چڕ دەبێتەوە مەبەستیش لە پاکبوونەوە، پاکبوونەوەی دەروونە لە دوو سۆزی (ترس) و (بەزەیی) بەهۆی نیشاندانی کاری تراجیدییەوە.(ئەرستۆ،2002،ل149).

ئاوڕدانەوە لە ڕەهەندی دەروونی لەسەردەمی ڕۆمانسییەکاندا بەتایبەتی لەلایەن (کۆلێردج) و (وۆردس وۆرس) بەدیدەکرێت.(الگاهر،1988،ص 424)هەندێك لە ڕەخنەگرانیش ڕەخنەی بایۆگرافی کە (سانت ـ بیڤ) ڕابەرایەتی دەکرد دەخەنە خانەی ڕەخنەی دەروونییەوە، پێیان وایە جۆرێکە لە ژیاننامەی دەروونیی دەقنووس.

ئەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، خستنەڕوویەکی خێرای گرنگیدان بەلایەنی دەروونی بوو لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا، بەڵام هەنگاوی سەرەکی میتۆدبەندی لەنێو ڕەخنەی دەروونیدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستکەوتەکانی سایکۆلۆژیا لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ئەوروپادا، کە ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی دەروونشیکاری زانای دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆند فرۆید)دا، بەتایبەتی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بەناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) لە ساڵی 1900دا.

ئاشکرایە دەروونشیکاری (Psychoanalysis) قوتابخانەیەکی سایکۆلۆژییە، ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی دەمارگیری و تێکچوونە عەقڵی و دەروونییەکان، بەوە جیا دەکرێتەوە کە بەشێوەیەکی دینامیکی سەرنجی هەموو لایەنەکانی ژیانی دەروونی و عەقڵی مرۆڤ دەدات، لەڕووی بێ ئاگایی و بە ئاگاییەوە، بەشێوەیەکی تایبەتیش گرنگی بەبێ ئاگایی مرۆڤ دەدات.

(فرۆید) لەڕووی ئاگایی و بێ ئاگاییەوە دەروونی مرۆڤی بۆ سێ ئاست دابەشکرد، کە ئەمانەن: ئاستی ئاگایی، ئاستی پێش ئاگایی، ئاستی بێ ئاگایی.

ـ ئاستی ئاگایی (Conscious): ئەو بەشەی دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە کە بە ئاگایە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە دەیانوێنێت هەموو ئەو بیرەوەری و یادەوەرییانەی ناخی دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە کە بە ئاسانی دەتوانێت بە بیری خۆیدا بیانهێنێتەوە.(الزق،2006،ص247)

ـ ئاستی پێش ئاگایی (Preconscious): ئەم بەشە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو زانیاری و شارەزایی و بیرەوەری و بیرۆکانەی کە لەناو بیرو دەروونی مرۆڤدا پارێزراون. مرۆڤ دەتوانێت بە بیریان بێنێتەوە، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر، هەروەها زانیارییەکانی ئەو بەشەی دەروونی مرۆڤ لەناو ئاستی ئاگاییدا نیین، بەڵکو دوای بەبیرهاتنەوە دەچنە ئاستی ئاگاییەوە.(الزق،2006،ص247)

ـ ئاستی بێ ئاگایی (Unconscious): ئەمەش ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو شتانەی لە دەروونیدا حەشاردراون بە بیریان بێنێتەوە. سەراپای ئەو بیرۆکەو ئارەزوو و ترسە چەپێندراوانە[*] دەگرێتەوە، کە لە ئاستی ئاگایی مرۆڤدا نەماون.(الزق،2006،ص247)

پێویستە بەر لەوەی بچینە ناو کرۆکی بۆچوونەکانی ڕەخنەگرو دەروونناسەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاری ئاماژە بە چەند لایەنێکی گرنگ لەناو میتۆدی دەروونشیکاری بدەین.

(فرۆید) لە شیکردنەوەی خۆیدا بۆ چەمکی کەسایەتی، هەوڵدەدات کەسایەتی مرۆڤ لەناوەوەی خۆیدا دابەش بکات بۆ سێ بەش، کە ئەمانەن:

1ـ ئەو (ID): ئەو بەشەیە كە هەر لەگەڵ لەدایكبوونی مرۆڤ تا مردن لە تەكیدا دەبێت، گشت خەسڵەتە بۆ ماوەیی و حەزو غەریزە خۆڕسكەكانی مرۆڤی هەڵگرتووە، ئەم بەشە نوێنەرایەتی كۆگای وزەی دەروونی مرۆڤ دەكات، كە "فرۆید" بە لبیدۆ (Libido)ی ناو دەبات. ئەم لایەنە لە كەسایەتی مرۆڤ پەیوەستە بە ئاستی بێ ئاگایی (Unconscious)، لەسەر بنەمای چێژ (مبدا اللذة) كاردەكات، واتە تێركردن بە ئامانجی چێژوەرگرتن. ئەو (ID) لۆژیك و ڕێسا كۆمەڵایەتییەكان و كات و شوێن فەرامۆش دەكات، لەكاتی گونجاودا ئارەزووەكانی خۆی تێر دەكات.

2ـ من (Ego): ئەم بەشە لە كەسایەتی مرۆڤ لەگەڵ تێكەڵبوونی بە ژینگەكەی، بەتایبەتی لە تەمەنی یەكەم ساڵی تا دوو ساڵی دروست دەبێت. ئەم بەشە سەر بە ئاستی ئاگاییە (Conscious) لە مرۆڤدا، بەپێی بنەمای واقیع (مبدا الواقع) كاردەكات(الزق،2006،ص249). وێڕای ئەمەش ئەم بەشەی كەسایەتی مرۆڤ لەژێر ئەركێكی سەخت و دژواردایە، ئەم ئەركەش بریتییە لە ڕێكخستنی داخوازییەكانی (ئەو) و (منی باڵا)(النابلسي،1988،ص47) چونكە ناهاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا، مرۆڤ دووچاری گرفتی دەروونی دەكات.

3ـ منی باڵا (Super Ego): ئەمەش لەماوەی پێكگەیشتنی كۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ دروست دەبێت لە ئەنجامی تێكەڵبوون لەگەڵ بەها ڕەوشتییەكان سەرچاوە دەگرێت، ئەم بەشە لایەنی ئاكارو ڕەوشتی كەسایەتی مرۆڤ دەگرێتەوە، كە بە گوێرەی بنەمای ئاكار (مبدا الاخلاق) كاردەكات. ئەگەر مرۆڤ بیری لە كارێكی نادروست كردەوە، یان ویستی ئەنجامی بدات، ئەوا ئەم بەشە كەسایەتی (من) دووچاری كێشەو ئاریشە دەكاتەوە.

(*): چەپاندن (الكبت ـ Repression): پرۆسەیەكی دەروونییە بۆ دوورخستنەوەی هەموو ئەو غەریزە و پاڵنەرو بیركردنەوە ڕەتكراوانەی كە مرۆڤ دووچاری دڵەڕاوكێ و ترس و خۆ بەكەمزانین دەكەن، بەمەش دەگوازرێنەوە بۆ ئاستی بێ ئاگایی، ئەمەش ئامانجی پارێزگاریكردن لە هاوسەنگیی دەروونی مرۆڤ. (الحفنی، 1994، ص729).

**تەوەری دووەم: ڕەخنەی دەروونی لە ماستەرنامەكانی ڕەخنەی شیعری كوردیدا (1988 ـ 2000).**

سۆزو هەڵچوون و گرفتە دەروونییەكان هەر چۆنێك بن كاریگەرییان بەسەر سایكۆلۆژییەتی كەسایەتی شاعیرەوە هەیە، دەكرێت پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆیان بەسەرچاوەی داهێنانی شیعرییەوە هەبێت، بەمەش دەقی ئەدەبی وەك چالاكییەكی مرۆڤ لەم كاریگەری و پەیوەندییانە بێبەش نابێت. ڕەخنەی دەروونیش بۆ دۆزینەوەی واتا شاراوەكانی دەقی ئەدەبی ڕەهەندی دەروونی بە لوتكە دەكات، لە سنووری ئەم توێژینەوەدا ئەو ماستەرنامانەی كە زیاتر گرنگییان بە ڕەهەندی دەروونیی كەسایەتیی دەقنووس داوە، ئاماژەیان بە هەندێك چەمكی ڕەخنەی دەروونی كردووە، ئەمانەن:

- سروشت لە شیعری گۆران دا (فاضل مجید محمود):

یەكێك لە ئاریشەكانی توێژینەوەی ئەكادیمیی شیعری كوردی نەبوونی بانگەشەیەكی ئاشكرای توێژەرە بۆ پەیڕەوكردنی، یان سوود وەرگرتن لە میتۆدێكی ڕەخنەیی، ئەم توێژینەوەیەش لەم گرفتە بەدەر نییە، سەرەڕای ئەمەش سروشتی ناونیشانی ئەم ماستەرنامەیە، زیاتر ڕێكردنە لەچوارچێوەی مەبەستێكدا، یاخود بابەتێكی شیعریی، لە ڕوانگەی پشت بەستن بە بنەماكانی ڕێبازێكی ئەدەبی دیاریكراو، بەمەش ئەم كارە ئەكادیمییە لە كلێشەی كارێكی ڕەخنەیی سەربەخۆدا ناسرەوێت، بەڵام دەكرێت لەو تەوەرانەی كە بۆ لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی تەرخانكراوە، هۆشیاریی ڕەخنەیی توێژەر ببینرێت.

كرۆكی ستراتیژییەتی ئەم ماستەرنامەیە پتر لە بەشی دووەمدا چڕكراوەتەوە، چونكە ئەم بەشە پتر گرنگی بە چۆنیەتی بەرجەستەكردنی كەرەسەكانی سروشت لە بونیادی شیعرەكانی (گۆران)دا دەدات، هاوتەكی پەیوەندی ئەم بابەتە شیعرییە بە ڕەگەزەكانی دیكەی بونیادی ناوەرۆكی دەقی ئەدەبی.

چەمكی سروشت لە سۆنگەی ئەم توێژینەوەیەدا پتر خۆی وەكو ڕەهەندێكی گرنگی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبدا سنووربەند دەكات، هەروەكو توێژەر خۆشی دەڵێت: ((سروشت كۆڵەگەیەكی قەف ئەستووری ڕۆماتیكییەتە))(مەحمود،1990،ل3).

بەشێوەیەكی گشتی ئەمە ڕوانینی توێژەرە بۆ چەمكی سروشت، بەڵام لە بڕگەو باسەكانی ئەم بەشەدا ڕوانینێكی دیكە ئاماژەی بۆ كراوە، كە جۆرە تێكەڵكارییەكی بە بونیادی باسكردنی بابەتەكان بەخشیوە، ئەم كارەش ڕەنگدانەوەی خواستی توێژەرە كە ویستویەتی بە گوێرەی سروشتی ئەزموونی شیعری شاعیر مامەڵە لەگەڵ دەقە شیعرییەكاندا بكات. بەمەش تا ڕادەیەك لە كرۆكی ئامانجی كارەكە خۆی دوورخستۆتەوە، ئەمانە چەند نموونەیەكی ئەو تێكەڵكارییەن، كە لەمیانەی هەوڵدان بۆ شرۆڤەكردنی چەند دەقێكی شیعری نوسراوون.

ـ ((لە کڵاو ڕۆژنەی وەسفی خانووەکانەوە جیاوازی چینایەتی ڕەمەکی خەڵکەکەی دەرخستووە لەگەڵ بەگزادە و ئاغادا)) (مەحموود،1990،ل43).

ـ ((بە شێوەیەکی ڕیالیستیانەو بەبێ ئەوەی هیچی لێ زیاد و کەم بکات و چۆنە ئەوا، ئەو دیاردە سروشتییانەی کە پیشانی داوین سەر بە بەهار و هاوین و پایزن)).( مەحموود،1990،ل53).

سەرەڕای نەبوونی ڕوانینێکی یەکگرتوو لە تەواوی جوغزەکانی ئەم ماستەرنامەیەدا، دەکرێت هەڵوەستە لەسەر هەندێك لە بۆچوونە ڕەخنەییەکان بکەین بە ئامانجی دۆزینەوە و تێگەیشتنی ئەو چەمکانەی کە سەرووکارێکیان لەگەڵ میتۆدی ڕەخنەییدا هەیە، هەرچەندە بۆچوونەکان ڕووکەش و سادەش بن.

لەم دیدگایەوە بەگشتی ڕەهەندی دەروونی دەقنووس لە زۆربەی باسەکانی ئەم بەشەدا بەخەستی ئامادەبوونی خۆی نواندووە، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە بۆچوونەکانی توێژەر:

ـ لە باسکردنی (جوانی و سروشتی ڕووت)دا لە بارەی چەمکی داهێنانەوە دەدوێت، دەڵێت: ((باشترین بەڵگەی داهێنەرانەی گۆران دەردەخات چونکە نەباو (نامالوف)ی کردووە بە باو واتە لەهەموو ڕێبازێك لای داوە و شتێکی نوێی هێناوەتەکایەوە چونکە یەکێ لەهەرە توخمەکانی داهێنان لادانە لە چێژی گشتی و هێنایەکایەی شتی تایبەتی کە مرۆڤ لەو بارەدا هەڵکەوتەیی دەردەکەوێت))( مەحموود،1990،ل39ـ40)

ـ لە بارەی شیعرێکەوە لە باسی (جوانی سروشت و ئافرەت)دا، دەڵێت: ((لەم شیعرەدا باران و گریانی هاوتا کردووە و ڕشتنی فرمێسکەکانی بۆ مەبەستی پاککردنەوەی دەروونییەتی لە خەم و خەفەت و حەسرەت و هێمن کردنەوەی گڕو کەفی هەڵچووی ناخی و سەبووری پێدانی (مەحموود،1990،ل62).

ـ لە چوارچێوەی باسکردنی (سروشت و نیشتمان و کۆمەڵ)دا، دەڵێت: بە پیرەوەچوونی گۆران بۆ گریان لەم شیعرەیدا خەستتر دەبێتەوە و لە هەموو دەروونییەوە هاوار لە هەوری پایز دەکات(مەحموود،1990،ل73).

لە بەشی سێیەمیشدا بەهەمان چەشنی کارکردن زیاتر بۆ قسەکردن لەسەر ڕەگەزەکانی بونیادی هونەری شیعری (گۆران) تەرخانکراوە، بەڵام ئاوڕدانەوە لە ڕەهەندی دەروونی دەقنووس ئامادەبوونی خۆی لەدەست نەداوە، هەروەکو لەم بۆچوونانەدا دەردەکەوێت:

ـ دەربارەی (کێش و سەروا) توێژەر دەڵێت: لە ڕووی کێش و سەرواوە چەندین حاڵەتی دەروونی لە جۆرە قالبێکا دەربڕیوە(مەحموود،1990،ل115)

ـ لە باسکردنی (وێنەی شیعریی)دا، دەڵێت: شاعیر ئەوەی لە دەروونیدا پەنگی خواردۆتەوە بە هەست و سۆزو ئەندێشەو بیرو هەڵچوون و کەفوکوڵی ناخۆی خۆیەوە ئاوێتەی وێنەو دیمەنەکانی دەرەوە دەکات(مەحموود،1990،ل120)

لە باسی (هێما)دا دەربارەی ڕەمزی (باران) لە شیعرێکی (گۆران)دا، دەڵێت: لای گۆران بۆ ڕایی کردنی دەروون و پاکردنەوەی لە خەم و خەفەت و ناخۆشی یە و لەگەڵ فرمێسکی خۆیدا هاوسەنگی دەکاو لەگەڵ پایزدا بەراوردی دەکا(مەحموود،1990،ل141)

ـ وێڕای ئەمانە، تەنانەت لە ئەنجامیشدا گرنگیدان بە ڕەهەندی دەروونی بەدیدەکرێت، هەروەکو توێژەر دەنووسێت: یەکێ لە شێوازەکانی ئیبداع لای گۆران ئەو شتەی لەبەر چاوی خەڵك نی یە دەیخاتە بەرچاو(مەحموود،1990،ل151).

هەموو ئەو بۆچوون و ئاماژانەی کە توێژەر لە دوو توێی بەشی دووەم و سێیەم و ئەنجامدا دەربڕییوون زەقکردنەوەی ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی بونیادی دەقی ئەدەبییە، ئەویش رەهەندی دەروونییە. چەمك و دەربڕینەکانی (داهێنان، پاکردنەوەی دەروون، گڕو کەفی هەڵچوونی ناخ، خەم و خەفەت و ناخۆشی... هتد) هەر هەموویان ئاماژەن بۆ ئامادەبوونی خوێندنەوەیەکی نیمچە دەروونیانە بۆ تەواوی ڕەگەزەکانی بونیادی دەقی ئەدەبی، بەڵام بوونی ئەم چەمك و بۆچوونانە مانای پابەندبوونی کارە ئەکادیمییەکە بە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی ناگەیەنێت، بەڵکو سروشتی ناونیشانی بابەتەکە لەلایەك، هەروەها ڕەنگرێژکردنی توێژینەوەکە بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لەلایەکی دیکە ڕەنگدانەوەی ئەم تەرزە کارکردنەن، چونکە گەڕانەوە بۆ خود، هەڵچوون و سۆزو خرۆش، گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت، گوزارشتکرن لە خەم و پەژارە،... هتد، ئەمانە خاسیەت و بنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزمن لە ئەدەبدا (پیربال،2004،ل70) ئەو چەمکانەی لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونانەدا کۆکراونەتەوە، چەمکی گرنگن لەنێو ڕەخنەی دەروونیدا، بەڵام توێژەر وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی لە سنووربەندی تیوریزە کردنێکی چڕوپڕدا شرۆڤەی نەکردوون، بەڵکو چەشنی سەرنجی ڕەخنەیی بە زەمینەیەکی مەعریفی و هۆشیارییەکی تاکڕەهەندانەی میتۆدبەندی تا ڕادەیەك جۆرێك لە تێکەڵکاری لە ڕوانینی توێژەر دروستکردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەمادەبوونی بۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی ڕەهەندی دەروونیی شاعیر لەچوارچێوەی هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی دەقەکانی ئاراستەی ڕەخنەیی بەشە ڕەخنەییەکانی ماستەرنامەکە لە

ڕەخنەی دەروونیدا نزیکدەخاتەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرووبەندێکی لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ڕەخنەگری میتۆدی دەروونی (شارل مۆرۆن)دا هەیە، کە دەڵێت: ((ڕەخنەی دەروونی دەزانێت ڕەخنەیەکی تاکڕەهەندانەیە، دەیەوێت سیستەمێکی تەواو بۆ ڕەخنە فەراهەم بکات، نەك شوێنی بگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئامانجی ئەوە نییە کە بگاتە ڕوانینێکی لە ڕادەبەدەر کە بتوانێت بەهۆیەوە تەواوی ڕەهەندەکانی دەقی ئەدەبی لێکدانەوەی بۆ بکرێت (التكرلي،1979،ص47)

- **سروشت لە شیعری نوێی کوردیدا 1930 ـ 1960 (کوێستان جەمال سەلام):**

سروشتی ناونیشان و ئامانج و بونیادی باسکردنی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە تاڕادەیەك لەگەڵ ماستەرنامەی (سروشت لە شیعری گۆران)دا کە توێژەرەکەی (فاضل مجید محمود)ە لێکدەچن. ئەوەی زۆر بە زەقی جیایان دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم ماستەرنامەیە لەڕووی کەرەسەی پراکتیکییەوە سنوورێکی بەرفراوانتری لە ئامێز گرتووە.

توێژەر لە پێشەکیدا ئاماژەی بۆ دەستبردن بەهیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی نەکردووە، لە کاتێکدا هەردوو بەشی دووەم و سێیەمی توێژینەوەکە زیاتر دەکەونە بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە، هەرچی بەشی یەکەمە زیاتر لە خزمەتی مێژووی ئەدەبدا کاریکردووە.

بەشی دووەم کە پانتاییەکی زۆری ماستەرنامەکەی پێکهێناوە، هەوڵدانە بۆ شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی لە سنووری ڕادەی ئامادەبوونی بابەتی سروشت لەنێو شیعری نوێی کوردیدا، کە ئەمەش میکانیزمی ستراتیژییەتی ئامانجی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، توێژەر ویستویەتی بە دیدێکی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبدا ڕەنگڕێژی بۆچوونەکانی خۆی بکات. ئەگەر ڕۆمانسیزم و ڕەخنەی دەروونی لەهیچ خاڵێکدا هاوبەش نەبن، ئەوا لە خاڵی بایەخدان بەخود و گەڕانەوە بۆ ناخی مرۆڤ هاوڕان، لێرەوە دەکرێت مەودای بەکارهێنانی چەمك و زاراوە و کەرەسە ڕەخنەییەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی دیاری بکرێت هەر بەو مەبەستەش چەند بۆچوونێکی توێژەر لە دوو توێی ئەم بەشەدا دەخەینەڕوو:

ـ ((سروشتی دەرەوە لە ناخی شاعیردا ڕەنگ دەداتەوە و هەست و هۆشی دەبزوێنێ، لە هەمان کاتیشدا سروشتی ناوەوەی شاعیر بەسەر سروشتی دەرەوەدا قولپ دەدا و بە ڕەنگی خۆی دەینەخشێنێ: شاعیری نوێ (ڕۆمانتیکی) باوەش بە سروشت دەکا... زۆر جاریش وادەبێ کە دڵی خۆی بە دیمەنە خەمگینەکانی سروشت دەداتەوە کە وەکو هیوا و ئاواتی لەدەست چووی ئەم نەمان و بزربوونەی پێوەی دیارە...(سلام،1996،ل55).

ـ ((پیرەمێرد لە شیعرێکی تردا بەناوی (لەناو ڕەزانا)، لەجیاتی وەسفکردنی لایەنی دەرەوە و سروشتی مێو و جۆرەکانی ترێ، دەیکا، بە ڕەمز و هۆیەك بۆ دەربڕینی گرێی دڵی بەرامبەر بە ڕۆڵەی زەمانە...))( سلام،1996،ل89)

ـ ((ڕاستە زۆرجار ڕۆژگار (شەو و ڕۆژ) ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون، بە باری دەروونی شاعیرەوە دەبەسترێتەوە لە ڕوانگەی باری دەروونی خۆیەوە، سەیریان دەکا، کە ڕەنگە جوانی یەکی بێ وێنە لە دیمەنی کازیوە و بوولێڵ دا ببینێ...))( سلام،1996،ل123).

بوونی ئەم بۆچوونانە ڕاستەوخۆ مانای بەکارهێنانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی ناگەیەنێت، بەڵکو ئەم بۆچوونانە پەیوەندییان بە ئامانجی توێژینەوەکەو پشت بەستن بە خەسڵەت و بنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم و سروشتی دەقە شیعرییەکانەوە هەیە، کە توێژەر لە ڕوانگەیانەوە قسەی لەسەر دەقی ئەدەبی کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەمانە دوور و نزیك پرۆسەی ناولێنانی ڕەخنەی دەروونی لەم ماستەرنامەیەدا زەقدەکەنەوە، ئەگینا لەڕووی بەکارهێنانی زاراوەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی، بوونی زمانێکی بابەتیانەی ڕەخنەیی، ڕادەی هۆشیاریی ڕەخنەیی توێژەر، بوونی ڕوانینێکی تاکڕەهەندانە، دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕێکخراو لەنێوان ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی لەمیانەی هەڵوەستەکردن لەسەر دەقی شیعری دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

لە بەشی سێیەمدا، زیاتر جەخت لەسەر دەرخستنی ڕەگەزەکانی بونیادی شێوەی هونەری دەقی ئەدەبی کراوە، لەم ڕووەشەوە لە هەندێك جوغزی بونیادی باسکردنی ڕەگەزەکاندا توێژەر تا ڕادەیەك لەسەر هەمان ڕێڕەوی بەشی دووەم ڕۆیشتووە، هەروەکو لەم بۆچوونانەدا دەردەکەوێت:

ـ ((ڕەنگ دەورێکی سەرەکی هەیە لە دەربڕینی هەست و سۆزی ناوەوە، لەگەڵ کێش و ئاواز و دەنگ دا دەبێ بە تەواوەتی ڕیتمی گشتی هۆنراوە))(سلام،1996،ل188).

ـ ((ئەم ڕیتمەش پەیوەندی قووڵی بە باری دەروونی و هەست و سۆزی ناوەندی شاعیرەوە هەیە کە وای لێ کردووە لەکاتی دەربڕینی هەست و سۆزی دا ئەو ئاوازە تایبەتی یە وەربگرێ)) (سلام،1996،ل172)

بەشێوەیەکی گشتی لەدوو توێی بەشە ڕەخنەییەکانی ئەم توێژینەوە ئەکادیمییەدا، جۆرە تاکڕەهەندییەك لە ڕوانینی توێژەر بۆ دەقە شیعرییەکان بەدیدەکرێت، هەروەها بەڕوونی هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی وەکو ئامرازێکی لەیەکدی تێگەیشتن لە نێوان دەق و ڕەخنەگردا ئامادەبوونی نییە.

- **هۆنراوەی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا 1975 ـ 1990 (فاروق محەمەد ڕەزا نەقشبەندی):**

توێژەر لە پێشەکی ماستەرنامەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ چەندێتی و چۆنییەتی بەکارهێنانی میتۆدی ڕەخنەیی نەکردووە، هەروەها بە گشتی لە بونیادی باسکردنی بابەتەکانیشدا توێژەر خۆی لەڕوانینێکی میتۆدییانەی ڕەخنەیی بواردووە، هۆشیاریی ڕەخنەیی خۆی بە زەقی لەمەڕ بەکارهێنانی زاراوە و کەرەسە ڕەخنەییەکاندا دەرنەخستووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم توێژینەوەیەدا، ئەوەیە لەڕووی چەندێتییەوە هێنانەوە و ئامادەبوونی دەقی شیعری پانتاییەکی زۆری پاوان کردووە، بەڵام لەڕووی چۆنیەتییەوە بەگشتی لەمیانەی هەڵوەستەکردن لەسەر دەقە شیعرییەکاندا جۆرێك لە تێکەڵکاری و ڕووکەشی لە دەربڕینی سەرنجە ڕەخنەییەکاندا بەدی دەکرێت، تەنانەت هەریەك لە بنەڕەتەکانی پرۆسەی ڕەخنەیی شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، لێکدانەوە، ڕاڤەکردن بە دەگمەن دەبینرێن.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئاوێتەبوونی توێژەر بە بابەت و ڕوانینی سایکۆلۆژی وایکردووە، کە زۆرینەی بەسەرکردنەوەکانی دەقی ئەدەبی لە سنووری ئەم ماستەرنامەیەدا مۆرکێکی دەروونی لەخۆیاندا باربکەن، هەر لەم دیدگایەشەوە توێژەر بۆچوونی لەبارەی چەمکی هۆنراوەی منداڵان دەربڕیوە، کە ستراتیژییەتی ئەم توێژینەوەیە پێك دەهێنێت، کە بەلایەنی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی گرێداوە، و دەڵێت: ((ئەدەبیاتی منداڵانیش، وەکو هەر لقێکی تری سەرجەمی ئەدەب، وەکو ڕۆمان و شانۆگەری و هۆنراوەی نوێ و وتاری هونەری و کورتە چیرۆك...، هتد، خاوەن بنەماو قەوارە و ڕێسا و دەستووری تایبەتی خۆیەتی و بەندە بە گەلێ مەسەلەی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی، تەکنیکەوە یەکسەر ڕوو لەدنیای منداڵان دەکات)) (نەقشبەندی،1999،ل13) ئەم بۆچوونە ڕوانینی توێژەر لەمەڕ چەمکی هۆنراوەی منداڵان پێك دەهێنێت، و پەیوەندییەکی پتەویشی بەخودی بابەتەکەوە هەیە، چونکە منداڵ لە توێژینەوەکانی زانستی دەروونناسیدا پێگەیەکی تایبەتی پێ بەخشراوە. هەروەها توێژەر لە بڕگەیەکی دیکەی توێژینەوەکەیدا، لە ڕوانگەیەکی فرۆیدییانەوە باس لە شیعر دەکات، دەبێژێت: ((ئەگەر شیعر دیاردەیەك بێ لەم دیاردانە کە هەموو ڕەگیان دەچێتەوە سەر ئەوەی فرۆید ناوی بردوون بە "اللاشعور" بێ هەستی، کەواتە (شیعر) خەونی تاکە کەسانە چونکە پەیوەندی هەریەکە بەخۆیەوە هەیە، بە تاقی کردنەوە و کارەساتی ژیانی)) (نەقشبەندی،1999،ل25).

ئەم بۆچوونە هۆشمەندی توێژەر لەمەڕ دەروونشیکاری (فرۆید) دەردەخات، بەڵام لەمیانەی هەڵوەستەکردن و شرۆڤەکردنی دەقە شیعرییەکاندا لەسەر ئەم بنەمایە زەمینەسازی بۆ ڕەنگرێژکردنی ڕەخنەی پراکتیکی نەکراوە، توێژەر خۆی ڕادەستی تێکەڵکاری و ڕوانینی دیکە کردووە، هەروەکو لەم چەند بۆچوونەدا میکانیزمی کارە ڕەخنەییەکە دەردەکەوێت:

ـ ((لە هۆنراوەکانی دایکی سۆلاڤ دا ڕاستگۆیی تەواو بە پێوانەی دەروون پاکی ئافرەتی کورد لە دەربڕینی هەست و سۆزەکانی دەروونیدا بەگشتی بۆ منداڵان بەتایبەتی لەگەڵ ئەوەی پایەی ئەندازەی خوێندن لە پلەیەکی سادە دایە، بەڵام مێشك کراوە و بیر پێگەیشتوو بووە)) (نەقشبەندی،1999،ل50).

ـ ((هەڵچوون و حەزو خۆشەویستی لای منداڵان و هەست کردن بە جوانی و بزواندنی دەروونی گەشەسەندنی، ڕووناك تر دەدرەوشێتەوە ئەگەر هێزی شێواز کاریگەربێت کەڵە شاعیرێکی منداڵان (کاکەی فەللاح) هەرگیز ڕۆژێك مامۆستای قوتابخانە نەبووە، کەچی هەستی پڕ لە سۆزو گەرم و گوڕی بڕوا پتەوی شەپۆلی ئاواتی بەرزی زەرد هەڵنەگەڕاندووە و سیس نەبووە)) (نەقشبەندی،1999،ل103).

ـ ((منداڵی کورد گوێ ی لەم شیعرە دەبێت هەستی دەتروێ دەروونی ڕووناك دەبێت بە هەنگاو هەڵنان بەرەو پاك و تەمیزی ڕاست گۆیی)) (نەقشبەندی،1999،ل122).

ـ ((ئەم هۆنراوەیە بۆ گەورە نووسراوە، بەڵام لەزمانی منداڵەوە، ووشەکان قورسن لەسەر زمانیان (خەم، ژان، نۆشین) نامۆن بە فەرهەنگی زمانی منداڵان، کێشی هۆنراوەکە سەربەستە، وەکو ناوەرۆکیش جۆرە نائومێدی و ڕەشبینی تیا بەدی دەکرێ کە هەرگیز بۆ منداڵان ناشێ)) (نەقشبەندی،1999،ل132).

ـ ((وێنەی کۆمەڵایەتی لەم بەرهەمەدا بە زەقی دیارە، لە هۆنراوەکانی "پاشەکوت"، "تەلەفۆن"، "ڕۆژباش"، "کرێکارم" "ئێرگزفرۆشم"، نموونەی کرێکارم وەردەگرین چونکە خۆشەویستی هاوڵاتی کرێکار بایەخدانە بە رەنجی ڕۆڵەی کرێکار وەکو بەهایەك بە پیرۆزی نیشان ئەدات)) ( نەقشبەندی،1999،ل 53)

ئەم بۆچوونانە گەواهیدەری ئەوەن کە توێژەر نەیتوانیوە ڕۆڵی رەخنەگرانەی خۆی بنوێنێت، تێکەڵکاری و ڕووکەشی لەکارکردن لەنێو دەقی ئەدەبیدا بەدی دەکرێت، لە ڕووێکەوە ئاوڕی لەلایەنی کۆمەڵایەتی داوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە قسەی لەسەر شێوەی هونەری دەقی ئەدەبی کردووە، لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە ڕەهەندی دەروونی بە تەوەرکردووە.

هەروەها ئەو زمانەی کە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی پێ دەربڕاوە، زمانێکی ڕەخنەیی خودان زەمینەیەکی مەعریفی و بابەتی نییە، بەڵکو دەروازەی بەڕووی وشەو دەربڕینی پەخشان ئامێز وازکردووە. نەیتوانیوە بە ڕایەڵێکی گونجاو هارمۆنیەتێك لە نێوان ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقی ئەدەبی فەراهەم بکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕەهەندی دەروونی دەقی ئەدەبی وەك ڕهەندێکی بەتەوەرکراو لەدوو توێی ئەم توێژینەوەیەدا دەبینرێت.

### ئەنجام

1ـ لە سنووری ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا سێ نامەی ماستەر لە 1988 تا 2000، پێشکەشکراون کە بەشێوەیەك لە شێوەکان نزیکن لە ڕەخنەی دەروونییەوە.

2ـ لەم نامانەدا، ڕەهەندی دەروونیی دەقە شیعرییەکان ـ لەهۆشمەندییەکی ڕەخنەییەوە ـ نەکراونەتە تەوەری سەرەکی توێژینەوەکان، هەر بۆیەشە زاراوەکانی ڕەخنەی دەروونی، ئامادەییەکی ئەوتۆیان نییە لەنێو توێژینەوەکاندا.

3ـ لەم ماستەرنامانەدا، پتر لە چوارچێوەی ڕێبازی ڕۆمانسیزمەوە باسی لایەنی دەروونیی نێو دەقەکان کراوە.

### سەرچاوەکان

#### بەزمانی کوردی:


ـ پیرباڵ ،فەرهاد ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004

سلام ، کوێستان جمال ، سروشت لە شیعری نوێی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، 1996

--ـمەحمود ، فاضل مەجید ، سروشت لە شیعری گۆراندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، 1990

- نەقشبەندی ،فاروق محەمەد ، هۆنراوەی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا 1975 ـ 1990، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کۆلیژی پەروەردە، 1999.


#### بەزمانی عەرەبی:


1- اسماعیل،عزالدین، الادب وفنونه، ط7، دار الفکر العربی، قاهیرة، 1978.

التكرلي،نهاد، اتجاهات النقد الادبی الفرنسی المعاصر

2- دیتسیش، دیڤید، ، مناهج النقد الادبی، ت:محمدیوسف نجم ،احسان عباس،دارصادر،بیروت ،1967.

3- ریشار،اندریە، النقد الفنی، ت : صیاح الجهم، وزارة الثقافة، دمشق، (د. ت).

4- الزق،احمد یحیى،علم النفس ، دار وائل للنشر، عمان، 2006 .

5- سكوت،ویلبیرس، خمسة مداخل الى النقد الأدبی، ت: عناد غزوان، جعفر صادق، دار الحریه، للطباعة، بغداد، 1981.

6- الطاهر ،علی جواد ، مقدمة فی النقد الأدبی، ط2، المؤسسة العربیه للنشر، بیروت، 1988.

7- غریب ،روز،تمهید فیالنقدالحدیث،دار المكشوف،بیروت،1971.

8- الملیجی(د) ،حلمی ، علم النفس المعاصر، ط8، دار النهضه العربیة، بیروت، 2000.

9- النابلسي،محمداحمد، فروید والتحلیل النفسي والذاتي،دار النهضةالعربیة،بیروت،1988.



#### ملخص

هذا البحث المعنون ب (النقد النفسي في نقدالشعر الكوردي) مراجعة نقدية لرسائل الماجستير الادب المقدمة للاقسام الكردية في جامعات العراق و اقليم كردستان . تاتي هذه الدراسة كعملية نقد النقد لكشف مدى علمية الخطاب النقدي في نقد الاكاديمي الكردي المتمثلة برسائل الماجستر للفترة 1988-2000.

يتضمن البحث المبحثين: في الاول تحدث الباحث عن مبادىء واسس النقد النفسي بينما خصص الباحث المبحث الثاني لتقييم الرسائل الماجستر المعنية بهذا الخصوص، لبيان كيفية حضور مصطلحات النقد النفسي في الرسائل المذكورة .



#### Abstract

This research entitled (criticism of psychological criticism of Kurdish poetry) critical review of the master's literature presented to the Kurdish departments in the universities of Iraq and the Kurdistan region. This study comes as a critique of criticism to reveal the extent of critical discourse in critical criticism of the Kurdish academic letters of the Masters for the period 1988-2000. The research includes two topics: first, the researcher spoke about the principles and foundations of psychological criticism, while the researcher assigned the second subject to evaluate the messages Masters in this regard, to show how to attend the terms of psychological criticism in the messages mentioned.